# بەرپرسی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی لقی ڕاپەڕین بۆ ڕۆژی گەل دەدوێ

**پەیامنێری هەفتەنامەکەمان لە ئۆفیسی ڕانیە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ڕێزدار کاک مستەفا دەروێش سەرۆکی لقی ڕانیەی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان کردووە، کە تێدا تیشک دەخاتە سەر کارو چالاکیەکانی خۆیان.**

ڕۆژی گەل: سەرەتا وەک زیندانیەکی تێکۆشەر خۆت بناسێنە:

مستەفا درویش: من مستەفا درویش خۆشناو لە ساڵی ١٩٦٣ لە شارەدێ ی بێتواتە سەر بەقەزای ڕانییە لە دایک بووم بەهۆی خەباتی سیاسم لە نێو لایەنێکی بزاڤی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٨٠ لە خوێندبگای ڕانییە دەستگیر کرام و لە بەندینخانەی ئەبوغریب حکوم درام دوای بە لێبووردنی گشتی لەساڵی ١٩٨٢ ئازادکرام لەساڵی ١٩٩٥ لە نێو ئەم ڕێکخراوە خۆبەخشانە خزمەت دەکەم لەهەمان کات فەرمانبەرم لە بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەت بە موچەیەکی کەم.

ڕۆژی گەل: چۆنیەتی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە لەچ ساڵێکدا بووە؟ ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە چی بووە؟

مستەفا درویش: ئەم ڕێکخراوە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٣ لەلایەن کۆمەڵێک تێکۆشەری نێو زیندانەکان لەسەرجەم توێژەکانی کۆمەڵ لەشاری هەولێر دامەزراو تاوەکو ٢٠٠٧/٥/٧ هەر بەم ناوەوە کاری کردووە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لەگەڵ ڕێکخراوی زیندانە سیاسیەکان کەسەر بە ئیدارەی هەولێر بوو یەکیان گرتەوە بەناوی کۆمکاری زیندانە سیاسیەکان ڕێک کەوتین بەرپرسیارەتی ئەم ڕێکخراوەش هەر دووساڵ بۆ لایەنێک (پی.یو.کەی،پی.دی.کەی)تا کاتی کۆنگرە بەستن،ئامانج لەم دامەزراندنی داکۆکی کردن بووە لە مافەکانی زیندانیانی تێکۆشەری ڕۆژانی سەختی خەبات کە ڕووبەڕوی ئازار و ئەشکەنجە و پەتی سێدارە و مەرگ دەبوونەوە لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیان لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوە خواستەکانیان دەگەێنین بە لایەنی بەرپرس لە حکومەت و پەرلەمان.

ڕۆژی گەل: تا ئێستا چیتان کردووە بۆ زیندانەکان،ئایا حکومەت وەک پێویست ئاوری لێداونەتەوە؟

مستەفا درویش: ئەگەر بڵێم وەک پێویست نەبووە و لە ئاستی ئەو قوربانیدانە نەبووە ئەوە راستیەکەو راشکاوانە دەیغەمە ڕوو بەڵام پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ڕەوشی ڕێکخراوەکەمان کە بەناوی کۆمەڵە بوو زۆر باشتر بوو ئیدارەی سلێمانی گرنگی دەدا بەم دەزگایە و ٥٥%ی لە نێو توێژەکانی تر بۆ زیندانیە سیاسیەکانی دیاری کردبوو،سوودمەندبووین لە زەوی و خانەنشینکردن و دامەزراندن و خزمەتگوزاری تر، بەڵام هەر دوای یەکگرتنەوە هیچ هاوکاری و دەستکەوتێک بۆ ئەم ڕێکخراوە دەست نیشان نەکراوە و لایەنی حکومەت ئاوری لێنەداوینەتەوە،کەچی ئێمە چاوەڕوانی وەزعی باشتر و بایەخی زیاترمان دەکردەوە لەم یەکگرتنە،ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی لەگەڵ ئەوەش هەمیشە کۆڵمان نەداوە و چەندین یاداشت و نوسراومان ئاراستەی پەرلەمان و حکومەت کردووە دوای فشارێکی زۆر بەشێوەیەکی کاتی بەڕێوەبەرایەتیەکی کاتی سەر بەوەزارەتیی ئەنفال و ئاوارەکان کراوەتەوە.

ڕۆژی گەل: وەک باس دەکرێ ڕێکخراوی زیندانە سیاسەکانی عێراق لە ڕووی هاورکاری وقەرەبووکردنەوە لە ئاستی گوزەرانی باشدان بۆچی ئەم جیاوازیە دەکرێ؟

مستەفا درویش: ئەوان بایەخی باش دەدەن بە زیندانیەکان لە بودجە حسابیان بۆ کراوە و مانگانەش بری ٥٠٠هەزار دینار یان وەک مئحە دەدرێت و زەوی و قەرەبووشیان بۆ دابین دەکرێ لە ڕووی ترەوە سودمەند دەبن بەڵام حکومەتی هەرێم بە پاساوی نەبوونی دارای پێویست کەمی بوجە١٧%هیچمان بۆ ناکەن،ئەوەی جێگای خۆشحاڵیمانە لەم ماوەیەدا پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ ڕێکخراوی زیندانیەکانی عێراق دروست کردووە لە هەوڵێ ئەوەداین هاوبەشبین لە دەسکەوتەکان وەک ئەوان بری نیو ملیۆن دینار بۆ هەرە زیندانیەک لە زەوی و قەرەبوکردنەوەش بۆ ئەم مەبەستە چەندین دانیشتن و گفتوگۆمان سازداوە و نوسینگەشیان لەشارەکانمان دەکرێتەوە ئەم پەیوەندیەش لە ڕێگای جێگری بەرپرسی زیندانیەکانی عێراق کە کەسێکی کوردە زەمینەی بۆ خۆشکرا زیاترلە ١٠٠٠فۆرم وەرگیراوە و بەردەوامە بەڵام دەڵێن بەراستی زیندانی سیاسی بێت و بەبەڵگەوە بیسەلمێنێت.

ڕۆژی گەل: لە ووتەکانت دەردەکەوێت کەئەم کۆمکارە لەدوو حزبی سەرەکی پێکهاتووە و لە نێو خۆشیان پۆستەکانیان دابەش کردووە بۆ نمونە بەرپرسی یەکەم بۆ هەردوو ساڵێک یەکێ لە کاردان ئەم دوو لایەنەیە؟

مستەفا درویش: ئەمە راستیەکە و نکولی لێ ناکرێ چونکە ئەندامەکان بەشی هەرەزۆری لەم دوو حزبە پێک هاتووە هەر زۆرینەش دەبێ حکومی کەمینە بکات،بەڵام ریز لە کەمینەش گیراوە و ئێمە بێ بەشمان نەکردوون لە دەسکەوتەکان حسابی خۆمان بۆ کردوون،دەشێ ئێمە خۆمان وەک ڕێکخراوێکی سەبەخۆ کاردەکەین جیاوازی لە نێوان هیچ لایەنێک ناکەین ئامانج و کارمان بۆ خزمەت کردنی گەلی کوردستانە و داکۆکی کردن لە مافەکانی زیندانیانی تێکۆشەری کوردایەتی وە پێویستمان بە پشتگیری حزب نییە بۆ ئەندام بوون لەم ڕێکخراوە تەنیا بەڵگەی تەواو دەبێتە هەوێن بۆ سەلماندنی راستی زیندانی بوونی شەهادەی خەبات و تێکۆشان.داوشمان لە کەس نەکردووە پشتگیری حزبی بهێنێ ئەمەمان کردۆتە مەرجی ئەندامبوون لەو کۆمەکارە.

ڕۆژی گەل: دوای یەکگرتنەوەتان و کارکردنتان بەناوی کۆمکاری لیژنەی باڵاتان لە کوێ یە و هەیکەلی ئەم ڕێکخراوە چۆن دارشتوتەوە؟

مستەفا درویش: لیژنەی باڵا لە شاری هەولێرە کە سەرپەرشتی ناوەندەکان دەکات:

١.ناوەندی هەولێر:
لقی سۆران.
٢. ناوەندی سلێمانی:
لقی راپەرین
٣. ناوەندی کەرکوک:
٤ ناوەندی موصڵ:
٥. ناوەندی دهۆک:
لقی زاخۆ.

**پەیامنێری ڕۆژی گەل**
**لە ئۆفیسی رانیە**

# یاداشتنامەی ناڕەزایی ٣٨ ڕێکخراوو کۆمەڵی مەدەنی لەهەولێر دژ بەڕێگری لەیادکردنەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران

ئێمە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەولێر ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر هەڵسوکەوتە نادیموکراتی نامەدەنیەکانی بەشێک لە دەزگا و دامەزراوەکانی هەولێری پایتەخت دەردەبڕین کە وەک نەریتێکی لێهاتووە لە یادی دامەزراندن و بۆنەی هەر یەکێکماندا ئەو کردارانە دووبارە دەبنەوە لەبەر هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و ناسکی دۆخەکە بەردەوام لایەنی بێدەنگیمان هەڵبژاردووە، بەڵام بەداخەوە لە جیاتی بەهەند وەرگرتنی ئەو بێدەنگیەمان بە پێچەوانەوە ئەو دیاردانە بەردەوام دەبنەوەو نیگەرانی لای ئێمە دروست کردووە، ئەو دیموکراسیەیی بانگەشەی بۆ دەکرێت لە دەڤەرەکەدا، دەخاتە ژێر پرسیار و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە . لە کاتێکدا ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کار لەسەر مەسەلە دیموکراسیەکان، چەسپاندنی بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنی دروشم و ئامانجمانە، کەچی لەو سەردەمەدا زۆر جار ڕێگری و ئاستەنگ دەخرێتە بەردەممان بەتایبەتی وەک ئەوەی ئەمرۆ ٢٠٠٨/٤/٢٦ لە هەولێر بەرامبەر بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ئەنجامدرا، بە ڕێگری کردن لە یادی دامەزراندنیان بە لێکردنەوەی لافیتە و ئیهانە کردنی کۆمەڵێک نوێنەریان بە تایبەتی کچە خوێندکارەکان، کە بەداخەوە ئەوەی زیاتر نیگەرانمان دەکات دەزگایەکی مەعریفی وەک زانکۆ ئەو کردەوە قێزەوەنانە ئەنجام بدات و ئەو ناوەندە پیرۆزە قۆرخی بیری حزبایەتی و لایەنگیری بکات، کە بە پێچەوانەوە لەهەموو دونیادا ئەو دامەزراوەیە چاووگ و دایکی دیموکراسی و هێنانەکایەی دیاردە ژیاری و مەدەنیەکانە، بۆیە خەریکە ئێمە لە دیموکراسی و ئایندەی ئەو پرۆسەیە لە هەرێمەکەماندا دەکەوینە گومان و پێمان وایە ناکرێت چیتر راستگۆ نەبین بەرامبەر بە پرۆسەی دیموکراسی.

ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەولێر ئەو دیاردانە کە بەردەوامیان هەیە و بۆنەتە بەشێک لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی هەندێک کەسی نابەرپرس، هیچ نەبێت ئۆباڵی بەرپرسیارێتی مێژوویی بەرامبەر ئایندەی مەسەلە دیموکراسیەکان هەڵناگرین و ئەو راستیە دەخەینەوە گۆرەپانی لایەنی پەیوەندیدار هەموو لایەکیش لە دەرهاوێشتە و دەرئەنجامەکانی ئەو مەترسیە ئاگادار دەکەینەوە، بۆیە بەتەنها قسە کردن لەسەر دیموکراسی بەس نیە، ئەگەر فەلسەفە و رەهەندی دیموکراسی ئیلهام بەخش نەبن لە مەیدانی پراکتیکدا .جارێکی تر سەرکۆنەی ئەو لایەنانە دەکەین کە هەڵساون بەو دیاردە ناشارستانیە و پشتگیری و پشتیوانی کۆمەڵەی خوێندکاران و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکەین لە چەسپاندن و کار کردن لە پێناوی ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤ و هێنانەدی کۆمەڵی مەدەنی و ژیاری.

لە کۆتاییدا رووی بانگەوازمان دەکەینە سەرۆکایەتی هەرێم بە تایبەتی جەنابی سەرۆکی هەرێم کە ناکرێت چیتر لە دووری تەنها چەند کیلۆمەترێک لە بەرێزیان ڕۆژانە دیموکراسی و ئازادی هەتک بکرێن و پێویستە بەرێزیان لێپرسینەوە لەو کەس و دەزگایانە بکات، هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی کە ئەو دوو لایەنە دەسەڵاتی کوردستانیان بە دەستەوەیە بۆیە ئەگەر بەراستی سنورێک بۆ ئەو دیاردانە دانەنرێت ئەوا ناچار دەبین هەنگاوی تر لە شێوازی خەباتی مەدەنیانە و دیموکراتیانە بگرینەبەر و بەرپرسیارێتی یاسایی و دەرئەنجامەکانی لە ئەستۆی ئێمەدا نابێت، هیوادارین ئەو یاداشتی ناڕەزاییەمان بەهەند وەربگیرێت و لایەنی پەیوەندیدار و باڵا دەستی دەسەڵات لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن تا چیتر ڕێگە نەدرێت ناحەزانی دیموکراسی خۆڵ بکەنە چاوی راستیەکان
.

-بەرقەرار بێت کۆمەڵی مەدەنی.
- سەرکەوتن بۆ دیموکراسی.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی**
**کوردستان – هەولێر**
**٢٦-٤-٢٠٠٨**

ئەمەش ناوی ئەو ڕێکخراوانەیە کە یاداشتنامەکەیان واژۆ کردووە:

١-سەندیکای تەکنیکارانی ئەندازەی کوردستان
٢-یەکێتی ئەندازیارانی کشتوکالی کوردستان
٣-کۆمەڵی داکۆکی کردن لەمافی کرێنیشان
- ٤کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لقی پەیمانگاکان
٥-سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان
- ٦سەنتەری روناکبیری لاوانی هەولێر
٧-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان /ئامادەیی ناوشار
٨-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان /زانکۆ
٩-یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان
١٠-یەکێتی جوتیارانی کوردستان
١١-سەندیکای کرێکارانی کوردستان
١٢-کۆمەڵەی خۆشنوسانی کوردستان
١٣-یەکێتی کارمەندانی کشتوکالی
١٤-کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان
١٥-کۆمەڵەی ڕۆژی کوردستان / کەم ئەندامان
١٦-یەکێتی جەنگاوەرانی کوردستان
١٧-یەکێتی وێنەگرانی کوردستان
١٨-ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان
١٩-یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان
٢٠-کۆمەڵەی زانستە سیاسیەکان
٢١-کۆمەلەی کشتیارانی زانستی کوردستان
٢٢-یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان
٢٣-سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی کوردستان
٢٤-یەکێتی ئەندازیارانی مەدەنی کوردستان
٢٥-یەکێتی ڤێتەرنەری کوردستان
٢٦-کۆمەڵەی شوێنەوار ناسانی کوردستان
٢٧-یەکێتی ئابووری ناسانی کوردستان
٢٨-یەکێتی وەرزشوانانی کوردستان
٢٩-کۆمەڵەی زێرینگران / لقی هەولێر
٣٠-یەکێتی پزیشکانی ددانی کوردستان
٣١-یەکێتی راوچیانی کوردستان
٣٢-بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ
٣٣-سەندیکای کیمیاگرانی کوردستان
٣٤-سەنتەری رۆشنبیریی و کۆمەلایەتی ژنان / ل.ە.ک
٣٥-کۆمەلەی کۆمەڵناسی کوردستان
٣٦-کۆمەڵی بایلۆجیەکانی کوردستان
٣٧-کۆمەڵەی سەوز لقی هەولێر
٣٨-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لقی دەورو بەر

# بۆ دەبێ بەرپرسی حزبی خانوو بەسەر شەهیدان دابەش بکات؟!

خەڵک و بەرپرسانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حکومەتی هەرێم بەرهەمی خوینی شەهیدان و رەنج و قوربانیەکانی خەڵکی کوردستانە، دەستکەوتەکانیش هی هەموو خەڵکە، بەوهۆیەوە جێگەی خۆیەتی کە حکومەتی هەرێم بەیەک چاو لە جەماوەر بڕوانێ و جیاوازی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەکات، خۆیشی سەرپەرشتی داهات و پڕۆژەکانی خۆی بکات، بەڵام جێگەی داخە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستی حزبەکاندا گرمۆڵە بووە، بەرپرسەکانی حزبی چۆنیان بوێ، ئاوا رەفتاری پێوەدەکەن، دەنا بەهیچ شێوەیەک رەوانیە کە بەرپرسی حزبی کە پۆستی حکومی نیە بێ و خانوو بەسەر بنەماڵەی شەهیداندا دابەش بکات و لافیان بەسەر لێبدات و وەکو دەستکەوتی حزبی پێوانەی بکات.

راستە کە ڕێزدار کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو شتەکان لەسەر ناوی ئەو دەکرێن و بڕیاریان لێدەدرێ، دەنا موڵکی تایبەتی خۆی نیەو خێریش نیە کە بەخەڵک و بنەماڵەی شەهیدان دەکرێ، بەداخەوە ئێستا لە کوردستاندا شتەکان تێکەڵاوکراون، لە ڕۆژانی رابردوودا لە سنووری شارۆچکەی شەقڵاوەدا هەندێ خانوو بەسەر بنەماڵەی شەهیدان دابەش کرا، ئەوەی جێگەی سەرنج بووە، تەنیا بۆ شەهیدانی یەک لایەن بوو، هەروەها بەرپرسی لقی ٢٤ لەسەر ناوی کاک مەسعود بارزانیەوە دابەشی دەکردن، راستیەکەی دەبوایە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بهاتایەو دابەشی بکردبوایە، هەروەها مادام لەسەر ناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم و لەسەر گیرفانی کەسەکان نەبووە نەشیاوبوو کە بەرپرسی لق ئەو کارەبکات، ئەمە لەبەرژەوەندی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان و ئەزموونەکەی دا نیە، بۆیە من هیوادارم کە کاک مەسعود بارزانی ڕێگە نەدات کەسانی حزبەکەی لەسەر ناوی ئەو دەستکەوتەکانی خەڵک و حکومەت دابەش بکەن و پیاوەتیشی پێوە بکەن.

**مامەند شەقڵاوەیی**

# پیرۆزبای لە "خاتوو نازەنین" بە بۆنەی وەرگرتنی ماستەرنامەکەی لەسەر هەڵەبجە

ئەمرۆ لە هۆڵی روناکی زانکۆی سلێمانی گفتوگۆی نامەی ماستەری خوێندکار نازەنین عوسمان محمەد کرا کە لەژێرنوی "خۆگونجاندنی دەرونیء کۆمەڵایەتی لای رزگاربوانی شارۆچکەی هەڵەبجە"بوو لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل نامەی ناوبراو بە پلەی "ئیمتیاز" وەرگیرا، ئێمە لە ناوەندی چاک زۆر پیرۆزبای لە خوێندکاری ناوبراو مامۆستای سەر پەرشتیاری نامەکە دەکەین، پێمان وایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە ڕوی ئەکادیمیەوە لەمەڕ لێکۆڵینەوە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە هەیە، زۆر لەمێژە وەک چاک هاوار دەکەینء دەڵێن پێویستە لەسەر هەڵەجەء ئەنفال لێکۆڵینەوەی ورد بکرێتء زانکۆکانمان گرنگی بەو بوارە بدەن. خوازیارین ئەم هەوڵە دواهەوڵ نەبێتء کاری گەورەتری بەدودا بێت.

سەرکەوتن بۆ خاتوو نازەنین، سوپاس بۆ ئەو لیژنەیەی لە لەدایک بونی ئەم ماستەر نامەیەدا دەوریان هەبوە

**کۆمیتەی هەڵەبجەی شەهیدی ناوەندی "چاک"**

**٢٠٠٨/٤/٢٥**

# کێ لە هێنانی دەرمانی ئێکسپایەر بەرپرسیارە؟!

ماوەیەکە راگەیاندنەکانی کوردستان زۆر بە گەرمی باس لە دەرمانی بەسەرچوو دەکەن و رایدەگەیەنن کە بای زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار دەرمانی ئێکساپەر و کەلوپەلی لەشساغی کۆکراونەتەوەو سوتێندراون! تەنانەت لە پارێزگاری سلێمانیدا لیژنەیەک بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی دەرمانی بەسەرچوو پێکهێنراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دەرمانی ئێکسپایەر بە لێشاو روو لە کوردستان دەکات، پرسیارەکەی من ئەمەیە: ئایا کێ لە هێنانی دەرمانی ئێکسپایەر بەرپرسیارە؟!

ئایا بازرگانان و هاودەستانیان بۆ قازانجی زیاتر ئەو دەرمانانە دەهێنن؟! یان لایەنی پەیوەندیدار هاوکاریان لەگەڵ و ئاسانکاریان بۆ دەکات؟!

بێگومان هەموومان دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی کوردستان لە هێنانی ئەو دەرمانانە بەرپرسیارن و دەبێ ئیتر راشکاوانە ڕێگەیان لێبگیرێ تا چیتر بازرگانیمان پێوە نەکەن.

**کامەران شاسواری**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com